# کورد و لیژنەکەی ( بیکەر – هاملْتۆن )

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

گەرمترین باسی ئەمڕۆی کوردستان جگە لە راستی و ناراستی دوو کچە بیٚ نازەکەی نیٚو یانەکانی شەوانەی میسری دەقی خاڵەکانی ئەو راپۆرتەیە کە بە لیژنەی بیکەر هاملْتۆن ناسراوە و دەیەویٚت ئەمریکا لەو تەنگەژەیە دەر بکات کە لە عیراق تیٚی کەوتووە و ئەوەی کە جیٚگای سەرنجیش بوو ئەوەیە کە بۆ یەکەم جارە لیژنەیەك لە دەرەوەی کۆنگریٚسی ئەمریکی دروست بوو ، بۆ پیٚشنیار کردن و لیٚکۆڵینەوە لەو قەیران و کیٚشەیەی کە ئەمریکا هەیەتی و ڕزگاری بکات لەو مەترسیانەی لە عیراق رووبەروی دەبیٚتەوە ، ڕووبەروی بونەوە نا لەوەی کە ئەمریکیەکان لە عیراق وەدەر بنیٚت ، ڕوبەرووبونەوە لەگەڵ ئەو قەیران و کیٚشانەی کە ئەمریکا کردویەتیە دیاری خۆی بۆ گەلانی عیراقی هیٚناوە ، دەرباز بوون لە ڕیٚکخراوەتیرۆرستیەکان و کوشتن و سەربڕین و فراندن وتەقینەوە و لە هەمان کاتدا بردنی نەوت و سامانی عیراقی بە بیٚ ئەوەی کە کیٚشە و رەخنەی روبەروو بیٚتەوە .

لە پیٚشدا و لە سەرەتای ڕووخاندنی ڕژیٚمی بەعس زۆر هاوار کراو گوترا و دەنوسرا ، سەبارەت بە هاتنی هیٚزی ئەمریکی و داگیرکردنی عیراق ، بەلاّم سەرکردایەتی کورد و عیراقیش نەیانتوانی یەکڕیزی و یەکدەنگیەکی وا دروست بکەن کە لە دژی هاتنی سوپای ئەمریکی بوەستنەوە و داوای هاوکاری بکەن بۆ روخاندنی بەلاّم قبوڵی نەکەن کە ئەم ولاّتە داگیر بکریٚت ، لیٚرەوە ئەوە دیٚتەوە یادم کە هیٚشتا لە ڕژیٚمی بەعس نەدرابوو حزبی شیوعی عیراقی بەیاننامەیەکی بلاّو کردەوە و سوپای ئەمریکی بە داگیرکەر ناسان ، ئەویش لە روانگە و فکری خۆی و پەرۆشی بۆ گەل و خویٚندنەوەی پاشەڕۆژی ولاّتیٚك کە لەژیٚر دەستی داگیر کەردا بیٚت و پیٚی وابوو داوای هاوکاری بکریٚت بەلاّم بە هیٚز و پشتیوانی و ڕووخاندنەکەی گەلی عیراقی بیگریٚتە ئەستۆی خۆی نەك سوپای ولاّتیٚکی تر ، لە هەمان کاتدا چەندین هیٚزی سیاسی کورسدتان و عیراقیش ئەمریکایان بە ڕزگار کەری گەلانی عیراقی دەناساند و پیٚیان وابوو کە ئەمریکا هات و ڕژیٚمی بەعسی ئەنفال چی و کیمیابارانی ڕووخاند ئیتر دیموکراسیەت و ئازادی و مافی مرۆڤی پیٚیەو خستۆتیە ناو بۆکسیٚك و یەکی قوتویەکمان پیٚ ئەدا کە هەڵی ئەپچڕی بریتیە لە خۆشگوزەرانی و ئازادی و مافی مرۆڤ و هەرزانی و لەمە بەدوا نەهامەتیەکانی هاولاّتیان کۆتای دیٚ ، بە پیٚچەوانەشەوە پیٚشبینی ئەوە دەکرا کە داگیر کەر چی دیٚنیٚت و ولاّتیٚك چۆن ڕووبەڕوی قەیران دەبیٚتەوە کە داگیر بکریٚت .

باسەکان گەرمن و خواستەکان زۆرن ، ئەوەی کە پیٚی وابوو هیٚزی ڕزگار کەرن و کۆتایی نەهامەتیەکانن ، ئەوە پیٚشبینیەکەی و خویٚندنەوەی واقعەکەی هەڵەبووە و لە میٚژوی تازەی عیراقدا خۆی تۆمار کرد و ئەگەر کەشکۆڵی بۆ هەڵگری چیت بەسەر دیٚ و ، ئەوەی بە پیٚچەوانەی ڕزگار کردن و هاتنی سوپای ئەمریکی وەستایەوە ، واقعبینانەی خۆی هاتە دی و میٚژووی تازەی

پرشنگدار کرد بۆ خۆی و بۆ میللەت و نەتەوەکەشی ، بەڵام بیرمان نەچێت  ناساندنی هێزی سوپای ئەمریکی بە داگیرکەر جیاوازە لە نێوان تیرۆرستەکان ، ئەوانەی کاریان کوشتن و سەربرین و فراندن و تەقینەوەیە لەگەڵ حزبی شیوعی عیراقی کە لەسەرەوە وەك نمونەیەك بۆ خوێندنەوەی واقعەکە هێنراوەتەوە .

رۆژانە دەیان جۆر هەواڵ و قسەی سەرکردەکانی عیراقی و ئەمریکی و وڵاتانی دیکەمان گوێ لێ دەبێت ، لە لێداوانەکاندا کە عیراق بەرەو جەنگی ناوخۆی مل دەنێ و لایەکی تر پێی وایە کە ئەمە جەنگ نیە و بە تەنها گروپە تیرۆرستەکان لێی بەرپرسن و ئەوە ململانێی خوێناوی نێوان هاولاتیانی دوو مەزهەبەکی عیراقی نیە و کۆڵن پاوڵیش دەڵێ بۆ ئەوەی کە واقعی بین دەبێت دان وەدا بنێن کە جەنگی ناوخۆی و تایفی لە عیراقدا بونی هەیە و جەنەڕاڵ جۆرج کەیسی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنوسیدا ئەڵێ ئەمریکا دەیەوێت مەبەست و ئامانجەکانی خۆی لە عیراقدا بهێنێتەدی کە ئەویش خۆی لە چەسپاندنی جیهانگیری دا دەبینێتەوە ، دەنگۆی ئەوەش بڵاو دەبێتەوە کە تاریق عزیز بەردەبێت لە زیندان و نوێنەرایەتی بەعسیەکان دەکات لە پەرلەمان و حکومەتی عیراقی ، ئەمەش راستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر کارێکی وا بکرێت ئەوا شکستهێنانی ئەمریکایە لە خواستەکانی بۆ نەمانی دیکتاتۆریەت و لە هەمان کاتیشدا ئەو پەڕی نا ڕێکی و خراپی پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی عیراقیە ، بۆ پاشەڕۆژ و ئایندەی  عیراق و پشگوێخستنی چارەنوسی دەیان ملیۆن هاولاتییە .

لە ئێستاشدا کە راپۆرتەکەی لیژنەی بیکەر – هاملتۆن بڵاوکرایەوە ، ئەگەر بەوردی بڕوانین چەندین کاردانەوەی بە خۆوە بینی و بە چەند شێوازێکی جیاجیا  هەر لە جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکاوە تاوەکو سەرۆکی عیراق و دواتر سەرۆکی هەرێم و پاشان عبدالعزیز حکیم هەروەها ناوەندە جیاجیاکان و هێز و سەرکردە جیاوازەکانی جیهان ، بەڵام ئەوەی کە گرنگە و لە ئێستادا دووبارە بۆتەوە و جارێکی دیکە بۆوە راستیەکی حاشا هەڵنەگر ، ئەویش خستنە پێشی بەرژەوەندی و خواستەکانی ئەمریکا پێش بەرژەوەندی هەر لایەن و گروپ و نەتەوە یەك ، لێرەدا کورد وەکو نەتەوەیەك کە لکێنراوە بە عیراقەوە و جیاوازی نەکردنی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەراست و باشوری عیراقی لە یەکتری و تەماشا کردنی وەك یەك ژینگە .

ئەگەر وردبینەوە لە لێدوانە فەرمیەکەی سەرۆکی هەرێم و رەخنە و گلەییەکانی لەو 79 خاڵە بۆ مان دەردەکەوێ کە ئەمریکا و ئەو لیژنەیەی پێشنیاریان کرد بۆ رزگاربونی ئەمریکا لە قەیرانەکانی تێی کەوتووە ، بە ڕوونی دیارە کورد پشت گوێ خراوە و کوردستانێك بە تەواوی کەموکوڕیەکانەوەی لە 91 ەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت حسابی بۆ نەکراوە!! ، چۆن ئەمە پرسیارەکەیە ؟

پێشنیاری ئەوە کراوە کە دەستوری عیراقی دەسکاری بکرێت و نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتوەکانیشی تێدا بێت ، کە ئەمەش بڕوانەبون و ڕێز نەگرتنی هاوڵاتیان و داڕێژەرانی دەستوری عێراقییە .

لە خاڵێکی دیکەی ئەو پێشنیارانە دا هاتووە کە ماددەی 140 دەستوری عیراقی کە تایبەتە بە کەرکوك و گەراندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان دوا بخرێت و ئەمەش دەتوانین بڵێین بڕوا نەبونی سیاسەتی ئەمریکی یە بە گەراندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و رازیکردنی ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەیە کە کێشە لە بەردەم ئەم ماددەیە دروست دەکەن و هاوکاری ناکەن بۆ راستکردنەوە و دروستی سنوری هەرێم و بڕوایان بەوە نیە کورد خاوەنی سنوری خۆی بوبێ لە رابردوودا و بەعسی ئەنفالچی ئەو داگیر کاری و ناحەقیانەی بەرامبەر نەتەوەیەك کردبێ .

هەروەها پێشنیارەکان دان نانێت بە بونی سنورێك بە ناوی کوردستان و حکومەتێك کە هاوڵاتیانی دەنگیان پێداوە و بە خوێنی سەدان هەزار مرۆڤی تێکۆشەر هاتۆتە دی و بە تەواوی کەم و کوڕیەکانیەوە حکومڕانی دەکات و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك و دەستوری پێشنیار کراوی هەیە ، لەبەر ئەوەی دەیەوێت دەسەلاَت لە مەرکەزەوە بێت و باسی تایبەتمەندێتی کوردستان ناکات و تەواوی بڕیار و کار و واژۆکان لە بەغداوە بدرێت بە سەر کوردستانیشدا ، چونکە ئەگەر بڕوا بوون هەبێت بە حکومەت و سەرۆك و پەرلەمان و دەسەلاَتی کوردی ئەوا پێشنیارەکان بە راستەوخۆی باسی تایبەتمەندێتی کوردستانی دەکرد و لە هەمانکاتدا بیکەر و هاوەلاَنیشی دەزانن لە سەرەتای دروست بونی دەوڵەتی عیراقی یەوە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی ناوخۆی عیراقی کێشەی کورد بووە ، بەلاَم ئەمجارەش گرنگی پێنەدرایەوە .

ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە بە بێ ئیرادە و پشگیری جەماوەری کوردستان دەسەلاَتی سیاسی هیچی پێناکرێت و کاتی ئەوەش بەسەر چوو کە خۆڵ بکرێتە چاوی هاوڵاتی و چ لە ناوخۆش و چ لە ئاستی جیهانیش مەسەلەی کورد و کێشەکەی لە قۆناغەکانی تری رابردوو جیاوازە ، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بێدەنگ نەبێت و بێ گومان هاوڵاتیان ئەگەر لە تەواوی کەم و کوڕیەکانی دەسەلاَت بێدەنگ بوبێ ناکرێت ئەگەر دەسەلاَتی کوردی لەم ناحەقیە بێ دەنگ بێت قبوڵی بکات .

8/12/2006